پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی سوجدە بردنیدا دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لي ذَنْبِي كُلَّهُ: دِقَّهُ وَجِلَّهُ، وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ، وَعَلاَنِيَتَهُ وَسِرَّهُ

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی سوجدە بردنیدا دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لي ذَنْبِي كُلَّهُ: دِقَّهُ وَجِلَّهُ، وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ، وَعَلاَنِيَتَهُ وَسِرَّهُ»، واتە: «خودایە لە هەموو گوناهەکانم خۆش بە، بچووک وگەورەیان، وسەرەتا وکۆتایان، وئاشکرا ونهێنییان».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتی سوجدە بردندا نزای دەکرد، ودەیفەرموو: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لي ذَنْبِي: خودایە لە گوناهەکانم خۆش بە)؛ بە داپۆشینی، وبەوەی بمپارێزیت لە سەرەنجامەکانی؛ بۆیە لێم خۆش بیت ولێم ببوریت وچاوپۆشیم لێبکەیت، (كُلَّهُ: هەموو گوناهەکان)، (دِقَّهُ:بچووك)؛ ورد وکەمیان، (وَجِلَّهُ: وگەورەیان)؛ گەورە وزۆریان، (وَأَوَّلَهُ: وسەرەتا)؛ یەکەم گوناهـ ، (وَآخِرَهُ: وکۆتایان)، وئەوەی لە نێوان یەکەم وکۆتا گوناهدایە، (وَعَلاَنِيَتَهُ وَسِرَّهُ: وئاشکرا ونهێنیان)؛ لەو گوناهانەی کەس نایزانێت تەنها تۆ نەبێت -سبحانك-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5470